# Procedural Powers of Customs Employee in Combating Customs Crimes

**Ramiar Islam Muhammed**[1], **Othman Mustafa Abdullah**[2]
Soran University, Faculty of Law, Political Sciences and Management, Department of Law

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2583.05*

*Published:1/12/2025*

## *Abstract*

*This study examines the legal powers of customs employees in confronting customs crimes, especially those granted to them as Members of the judiciary under Iraqi Customs Law No. (23) of 1984. In this context, the main problem is that the law, despite granting broad powers, has not clarified the details of important procedures such as inspection, arrest, and surveillance outside the customs zone. This legal void leads to reliance on general laws, although in most cases they are incompatible with the complex nature of customs crimes. To address this problem, the study adopted an analytical methodology, meticulously analyzing the texts of the Customs Law and related laws. The legislator has not specified procedures for invasive medical body searches, arrest, and the inspection and seizure of goods outside the customs premises. Furthermore, there is a significant discrepancy between the Kurdistan Region and Iraq concerning the permissible amounts for out-of-court settlements. Additionally, no specific duration for the detention of the accused has been set, nor a ceiling for debts that lead to travel bans. These gaps lead to the violation of individuals' fundamental rights. Therefore, the study recommends precise regulation of these procedures, specifically: establishing a clear text for medical examinations by a specialized doctor, granting customs officers the authority to arrest when confronting defiant suspects, and reducing the amount designated for case settlements in the Kurdistan Region to two million Iraqi Dinars, to align with what is practiced in Iraq, and if the amount is exceeded, the case should be referred to the Customs Court.*

***Keyword**: Customs offences, Members of the judiciary, Customs Duty Evasion, Smuggling, Contraband/Prohibited Goods.*

# دەسەڵاتە ڕێککارییەکانی کارمەندانی گومرگی لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی گومرگی (توێژینەوەی شیکارییە)

**پ.ی.د عثمان مصطفی عبدالله**
othman.abdulla@soran.edu.iq
**رامیار اسلام محمد**
ramiar.islam1988@gmail.com
زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسیەکان و بەرێوەبردن، بەشی یاسا

پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە دەسەڵاتە یاساییەکانی کارمەندانی گومرگ دەکۆڵێتەوە، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە گومرگییەکاندا. بە تایبەت ئەو دەسەڵاتانەی وەک ئەندامی ڕێکخستنی دادگەری پێیان بەخشراوە، بە پێی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤. لەم چوارچێوەیەدا، کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە یاساکە، سەرەڕای پێدانی دەسەڵاتی فراوان، وردەکاری ڕێککارە گرنگەکانی وەک پشکنین، دەستگیرکردن و چاودێریکردنی لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگی ڕوون نەکردووەتەوە. ئەم بۆشاییە یاساییە وا دەکات پشت بە یاسا گشتییەکان ببەسترێت سەرەڕای ئەوەی کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەگەڵ سروشتی ئاڵۆزی تاوانی گومرگیدا ناگونجێن.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، توێژینەوەکە پەیرەوی میتۆدی شیکاری کردووە و بە وردی دەقەکانی یاسای گومرگی و یاسا پەیوەندیدارەکانی شیکردۆتەوە. یاسادانەر لە دیاریکردنی ڕێککارەکانی پشکنینی پزیشکی ئاشکراکەر، دەستگیرکردن و پشکنین و گلدانەوەی کاڵاکان لە دەرەوەی حەرەم و چوارچێوەی گومرگدا بێدەنگ بووە، هەروەها، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەیە سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە ڕێگەپێدراوە بۆ یەکلاکردنەوەی

دۆسییەکان لە دەرەوەی دادگا. لەگەڵ ئەمانەشدا، هیچ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبار و هیچ سنورێک بۆ ئەو قەرزانەی دەبنە هۆی قەدەغەی گەشتکردن، دیارینەکراوە. ئەم بۆشاییانە وا دەکەن مافە بنەڕەتییەکانی تاک پێشێلبکرێن. بۆیە توێژینەوەکە پێشنیازی ڕێکخستنەوەی وردی ئەم ڕێککارانە دەکات، بە تایبەتی دانانی دەقێکی ڕوون بۆ پشکنینی پزیشکی لە لایەن پزیشکی پسپۆڕەوە، هەروەها، پێدانی دەسەڵاتی دەستگیرکردن بە کارمەندانی گومرگ لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی تۆمەتبارانی لاسار و کەمکردنەوەی ئەو بڕە پارەیەی بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ دوو ملیۆن دینار دیاریکراوە، تاوەکو هاوتای عێراق بێت. ئەگەر لەوە زیاتر بێت دۆسیەکە ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێت

کلیلە وشەکان : تاوانە گومرگییەکان، ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری، سزا گومرگییەکان، خۆدزینەوە لە باجی گومرگی، قاچاخچێتی، قاچاخ/کاڵای قەدەغەکراو

## پێشەکی

فەرمانبەری گومرگی کە پیاوانی پۆلیس و فەرمانبەرە مەدەنییەکان دەگرێتەوە، پیاوانی پۆلیس بە سروشتی خۆیان بە پێی یاسا بەرکارەکان دەسەڵاتی ڕێکخستنی دادگەرییان  پێ بەخشراوە، بەڵام فەرمانبەرە مەدەنییەکان لە بنەڕەتدا لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەدان، مەگەر بە یاسایەکی تایبەت ئاماژە بەوە کرابێت، وەک ئەوەی لە ماددەی (١٧٦) ی یاسای گومرگی عێراق ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) دا ئاماژەی پێکردووە، جێگەی باسە، دو پۆل لە ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری بوونیان هەیە، پۆلی یەکەم دەسەڵاتی دادوەرییان گشتی و گشتگیرە بۆ هەموو جۆرە تاوانێک، کە لە لایەن یاسادانەری عێراقەوە لە ماددەی (٣٩)ی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) ئاماژەی پێکراوە. هەرچی پۆلی دووەمە دەسەڵاتی دادوەری تایبەتیان هەیە، وەک ئەوەی هەندێک یاسا دەسەڵات دەدەن بە کۆمەڵێک فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتییە

فەرمییەکان، کەوا لە سنوری کارەکانیان هەڵبستن بە پراکتیزەکردنی گشت ئەو کارانەی، کە ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری پێی هەڵدەستن، وەک کۆکردنەوەی بەڵگە و لێکۆڵینەوە و پشکنین و دەستبەسەرداگرتن .لە ناو ئەم یاسایانەدا یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) هەیە، کە پێگەی ئەندامی ڕێکخستنی دادگەری بە کارمەندانی گومرگی بەخشیوە، وەک لە مادەی (١٧٦)دا هاتووە، فەرمانبەرانی گومرگی بوو مەبەستی ئەم یاسایە دەسەڵاتی ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری پراکتیزە دەکەن لە سنوری تایبەتمەندییان و دروست نییە ڕەوانە بکرێن بوو دادگاکان بە هۆیەک، کە بە پراکتیزهکردنی پیشەکەیان بەسترابێتەوە، تەنها بە ڕێپێدانێک لە لایەن وەزیری پەیوەندیدارەوە نەبێت، هەر لە یاساکەدا هاتووە، تەنها بە داواکردنی یارمەتی لە سەر دەسەڵاتەکانی مەدەنی و هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە گشت یارمەتیەک پێشکەش بە فەرمانبەران و پیاوانی پۆلیسی گومرگی بکەن بوو هەڵسان بە کارەکانیان.

ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە, بریتییە لە شیکردنەوەی چوارچێوەی یاسایی و کرداریی ئەو دەسەڵاتانەی کە یاسای گومرگیی عێراقی بە کارمەندانی گومرگی بەخشیوە، وەک ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری تایبەتمەند. لەم ڕوانگەیەوە، توێژینەوەکە هەڵسەنگاندن بۆ هاوسەنگی نێوان پێویستی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و گرەنتیی پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاک دەکات لە کاتی جێبەجێکردنی ڕێککارەکانی لێکۆڵینەوە، پشکنین و دەستبەسەرداگرتندا. هەروەها ئامانجێکی تری بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو کەلێن و بۆشاییە یاساییانەی کە لە یاسای کارپێکراودا هەن و ڕێگرن لە بەکارهێنانی ڕێککاری نوێ و سەردەمیانە بۆ لێکۆڵینەوە، بە مەبەستی خستنەڕووی پێشنیازی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان.

گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە چارەسەرکردنی هاوکێشەیەکی هەستیاردایە لە لایەکەوە، پێویستی بەرەنگاربوونەوەی تاوانی گومرگی بۆ پاراستنی ئابووری و داهاتی گشتیی وڵات، لە لایەکی دیکەوە، گرەنتیی پاراستنی ماف و کەرامەتی تاک لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە فراوانانەی بە کارمەندانی گومرگ بەخشراوون. بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی یاسای کارپێکراو، هەوڵدەدات پێشنیازی کرداری پێشکەشبکات بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەکی دروست، کە هەم توانای دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی یاسا بەهێز بکات، هەم دڵنیایی بدات، کە مافەکانی هاووڵاتییان بە پێی پێوەرە یاساییەکان پارێزراو دەبن.

کێشەی توێژینەوە

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، لەو کەلێنە یاساییە فراوانەدایە، کە لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)دا بوونی هەیە، سەبارەت بە دیاریکردنی وردی دەسەڵاتە ڕێککارییەکانی کارمەندانی گومرگ. هەرچەندە یاساکە پێگەی ئەندامی ڕێکخستنی دادگەری پێ بەخشیوون، بەڵام لە ڕێکخستنی میکانیزمە هەستیارەکانی وەک پشکنینی پزیشکی ئاشکراکەر، دەسەڵاتی دەستگیرکردن و گەڕان لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگیدا بێدەنگ بووە. ئەم بۆشاییە وا دەکات پشت بە برگە گشتییەکانی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان ببەسترێت، کە زۆرجار لەگەڵ سروشتی ئاڵۆز و تایبەتی تاوانە گومرگییەکاندا ناگونجێن. لە لایەکی دیکەوە، جیاوازییەکی بەرچاو لە سنوری بەهای کاڵاکاندا هەیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسییەکان لە دەرەوەی دادگا، کە ئەمەش نادادپەروەری و نایەکسانی لە جێبەجێکردنی یاسادا دروستدەکات. ئەم ناڕوونی و ناکۆکییانە، مەترسی جددی بۆ پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی تاک دروستدەکەن، وەک مافی ئازادیی کەسی و کاریگەری نەرێنییان لە سەر شەفافیەت و دادپەروەری پرۆسەکە دەبێت. بۆیە توێژینەوەکە هەوڵی شیکردنەوەی ئەم کەلێنانە و خستنەڕووی چارەسەری یاسایی گونجاو دەدات.

پرسیاری توێژینەوە

لە ئەنجامی ئەو کێشەیەی باسکرا، چەند پرسیارێکی لاوەکی گەڵاڵە دەبن کە بریتین لە :-

١- ئایا یاسادانەری عێراقی توانیوویەتی لە ڕێگای ئەو دەسەڵاتانەی کە داویەتی بە پۆلیس و کارمەندانی گومرگی ڕووبەڕووی تاوانی گومرگی ببێتەوە و کەمی بکاتەوە؟

٢- ئایا ئەو دەسەڵات و ڕێککارانەی لە یاسای گومرگی ئێستادا هەن، بەس و کاریگەرن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شێوازە نوێ و ئاڵۆزەکانی تاوانی گومرگی یان پێویستیان بە میکانیزمی نوێ و سەردەمیانە هەیە؟

٣- یاسای گومرگی چ میکانیزم و گرەنتییەکی بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاک داناوە، لە ئەگەری زیادەڕۆیی کارمەندانی گومرگ لە کاتی بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانیاندا، بە تایبەتی لە کاتی لێکۆڵینەوە، پشکنین و ڕاگرتندا؟

٤- بنەمای یاسایی و سنوری بەکارهێنانی ڕێککارە یەدەگییەکانی وەک گلدانەوەی کاڵا، ڕاگرتن، و قەدەغەی گەشت و بەدواداچوونی دادگەری چییە، ئایا میکانیزمی تانەلێدان و چاودێریی دادوەری بۆ ئەم ڕێککارانە بوونی هەیە؟

گریمانەی توێژینەوە

یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) بە هۆی کەموکوڕی و ناڕوون و فراوانی لە دیاریکردنی دەسەڵاتە ڕێککارییەکانی کارمەندانی گومرگی ناتوانێت بە شێوەیەکی تەواو ڕووبەڕووی تاوانەکانی گومرگی ببێتەوە و مافەکانی هاووڵاتییان بپارێزێت.

میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی شیکاری بەستووە، بە جۆرێک توێژەر هەڵساوە بە شیکردنەوەی دەقەکانی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣) ی ساڵی (١٩٨٤)، کە تایبەتن بە پیاوانی پۆلیس و کارمەندی گومرگ لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی گومرگی.

پلانی توێژینەوە

سروشتی بابەتی ئەم توێژینەوە وا دەخوازێت بۆ دوو بەش دابەشبکرێت. لە بەشی یەکەمدا باسی دەسەڵاتە بنەڕەتییەکان و گرتنەبەری ڕێککارەکان دەکەین، کەوا کارمەندانی گومرگی دەگرنەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە گومرگییەکان، کە بە پێی خۆی دابەش دەبێت بۆ چوار تەوەر، لە تەوەری یەکەم باسی دەسەڵاتی فەرمانبەرانی گومرگی دەکەین لە ڕووی بەدواداگەڕانی تاوانکاری. لە تەوەری دووەم تیشک دەخەینەسەر دەسەڵاتی پشکنین لە تاوانە گومرگیەکان. لە تەوەری سێیەمدا باسی دەسەڵاتی دەستگیرکردن دەکەین، لە تەوەری چوارەم و کۆتاییشدا باسی دەسەڵاتی کارمەندانی گومرگی لە ڕووی لێکۆڵینەوە لە تاوانە گومرگییەکان دەکەین.

سەبارەت بە بەشی دووەم، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە دەسەڵاتەکانی کارمەندانی گومرگی لە سەپاندنی ڕێککارە پەدەکیەکان لە چوار تەوەر پێکدێت. لە تەوەری یەکەمدا باسی دەسەڵاتی گلدانەوەی پەدەکی دەکەین. لە تەوەری دووەمیش باس لە دەسەڵاتی ڕاگرتن دەکەین، لە تەوەری سێیەمدا باسی دەسەڵاتی دانانی قەدەغەکردنی گەشت دەکەین. لە کوتا تەوەری ئەم بەشەدا، باسی دەسەڵاتی بەدواداچوون (الملاحقة) دەکەین و لە کۆتاییی توێژینەوەکەماندا ئەنجام و پێشنیازەکان دەخەینەڕوو.

باسی یەکەم: دەسەڵاتە بنەڕەتییەکانی فەرمانبەرانی گومرگی لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی گومرگی

زۆربەی یاسا ڕێوشوێنییەکان بە یاسای عێراقیشەوە، ئەرکی بەدواداگەڕانی تاوانەکان، پشکنین، لێپرسینەوە و ناسینی ئەنجامدەرەکانیان بە ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری بەخشیوە، بەو پێیەی ڕێگەیان پێدراوە پەنا ببەنە بەر گشت ئامرازەکانی پەیوەست بە بەدواداچوونی دادگەری و گرتنەبەری گشت شێوازە تەکنیکییەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان، کە خۆی لە ئاشکراکردنی

تاوانەکە و دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکان دەبینێتەوە، بەڵام مەرجە نابێت پەنا ببەنەبەر ڕێگایەک کەوا بە یاسا قەدەغەکراوبێت و کاریگەری بخاتەسەر ماف و ئازادی تاکەکان، ئەمەش بە پێی دەستووری هەمیشەیی بۆ تاکەکان دەستەبەرکراوە.( القاضی حیدر فالح حسن، ٢٠٢٢: لا ٢٠٥) بۆیە بەم ئامانجەوە و بە مەبەستی تیشک خستنەسەر ئەو دەسەڵاتانەی بە هۆکاری بەخشینی سیفەتی ڕێکخستنی دادگەری بە پۆلیس و کارمەندانی گومرگی بەخشراون. ئەم باسە بە سەر چوار تەوەردا دابەشدەکەین، لە سەرەتادا باسی دەسەڵاتی بەدواداگەڕانی تاوانکاری دەکەین، دواتر باسی پشکنین و دەستگیرکردن و لێکۆلینەوە دەکەین.

تەوەری یەکەم: دەسەڵاتی فەرمانبەرانی گومرگی لە ڕووی بەدواداگەڕانی تاوانکاری

بەدواداگەڕانی تاوانکاری بە کرۆکی ئەرکی ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری دادەنرێت، کە بریتین لە کۆمەڵێک ڕێوشوێن کەوا دەیگرنەبەر بە ئامانجی بەدەستهێنانی کۆمەڵێک زانیاری بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکە و دەستنیشانکردنی ئەنجامدەرەکەی.(حمزة نواف حماد العفین ، ٢٠٢٤: ص ٢١) یاخود ئەو شێواز و ڕێگا و هەنگاوانەن، بە شێوەیەکی گشتی پراکتیزە دەکرێن بۆ گەیشتن بەو ڕاستییەی، کە بڕیارە لە بابەتێکی دیاریکراودا دەربهێنرێت، یان یارمەتیدەرن بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەیەک یان ڕوونکردنەوەی نهێنییەکانی ڕووداوێکی دیاریکراو، کە ڕوویداوە و بەڵگەی ئەوە دەخەنەڕوو، کە چۆن ڕوویداوە.(محمود رجب فتح الله :٢٠٢١، ص ٢٧) هەندێکی تر بۆ ئەوە دەچن کەوا بەدواداچوونی تاوانکاری بریتییە لە زانیاری، ڕاستی، هەواڵ و بەڵگە، کە یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە زانینی بابەتێکی دیاریکراو و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی یان بریتییە لە ڕێککارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، کە یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان سەبارەت بە ڕوودانی تاوانەکە و تاوانباران و قوربانییەکانی تاوانەکە.(حاج أحمد عبد الله، 2019: ص ٣٣٩)

یاسادانەری عێراقی لە برگەی یەکەمی ماددەی (١٨٦)ی یاسای گومرگی کارپێکراو دەسەڵاتی بەو فەرمانبەرانەی گومرگی داوە، کە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە گومرگییەکانیان لە سەرشانە، تاوەکو بە دواداچوون بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی پەیوەست بە تاوانە گومرگییەکان و گەڕان بە دوای تۆمەتبارەکاندا بکەن، بە تایبەت لە نێو چوارچێوەی گومرگی وشکانی و دەریایی و حەرەمی گومرگی لە بەندەرەکان و فروکەخانەکان و بە شێوەیەکی گشتی لە گشت جێگاکانی ملکەچ بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی گومرگی، لەوانەش کۆگا ڕاستەقینە و تایبەت و وەهمیەکان، هەروەها لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگی وشکانی و دەریایی لە پێناو بە دواداچوونی کاڵاکانی بە قاچاغ بردراو و شوێنکەوتنیان لە کاتی بینینی لە چوارچێوەکەدا و لە دۆخێک کە بەڵگەی ئەوە دەگەیەنێت مەبەست تیایدا بە قاچاخ بردنیەتی. هەروەها بە مەرج دانراوە، کەوا پێویستە فەرمانبەرانی گومرگی کاتێک کرداری بەدواداگەڕانی تاوانکاری و گلدانەوەی کاڵاکان ئەنجامدەدان، سەبارەت بەو کەلوپەلانەی کەوا ملکەچن بۆ باج و ڕسومی گومرگی لە دەرەوەی جێگاکانی دیاریکراو لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە پشت بە بەڵگە ببەستن لە سەر بە قاچاخ بوونیان، ئەمەش دەبێت لە ڕێگەی کۆنوسی سەرەتایی بسەلمێنرێت. سەبارەت بەو کاڵا قەدەغەکراوانەی دیاریکراوون و کاڵا قەدەغەکراوەکان و کاڵا ملکەچەکان بۆ ئەو ڕەسمانەی گرانبەهان، کە دەستداریەکانی یان گوێزەرەوکانی ناتوانن هاوردەکردنی یاساییان بسەلمێنن، بە جۆرە جیاوازەکانی هۆیەکانی سەلماندن، کە ئیدارەی گومرگەکان دیاریدەکات، ئەوا بە حوکمی قاچاخبردنی کاڵاکانی هاتوو بۆ ناوەوە دادەنرێت، ئەگەر پێچەوانەکەی نەسەلمێنرێت و فەرمانبەرانی گومرگی، دەتوانن ڕێککارە یاساییەکان لە دژیان بگرنەبەر.

لە لایەکی تر فەرمانبەرانی گومرگی، کەوا ڕاسپێردراون بە نەهێشتنی بەقاچاخبردن و بەرەنگاربوونەوەی تۆمەتباران بە پێی ماددەی (١٨٣) لە سەریان پێویستکراوە، هۆیەکانی گواستنەوە ڕابگرن و پشکنینی کەسەکان و کاڵاکان لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان ئەنجامبدەن، کە

بەڕێوەبەری گشتی پاڵپشت بە حوکمەکانی یاسای گومرگی و یاسا کارپێکراوەکان دیاریدەکات، هەروەها پێویستە شۆفێرەکانی گواستنەوە پابەند بن بە فەرمانانەی لە لایەن فەرمانبەرانی گومرگی بۆ وەستان، لە حالەتی پابەند نەبوون بە وەستان، فەرمانبەرانی گومرگی بۆیان هەیە هۆکارە پێویستەکان بەکاربێنن وەک تەقەکردن بە ئاسماندا بۆ دووجاری لە سەر یەک وەک هوشداریدان. هەروەها لە کاتی ملّەدان بۆ فەرمانبەرانی گومرگ، ئەوا فەرمانبەری گومرگی یا خود ئەفسەری پۆلیس، کە بەرپرسیارە لە سەرکردایەتیکردنی کاروانەکە بۆی هەیە فەرمانبدات بە تەقەکردن لە ئامرازی گواستنەوەکە، بە مەرجێک هوکاری شیاو هەبێت، وەک ئەوەی ئامرازی گواستنەوە کاڵای بە قاچاخی بارکردبێت. لە لایەکی تر بە پێی مادده (١٨٤)ی یاسای ئاماژەپێکراو دەسەڵات بە فەرمانبەرانی گومرگ دراوە، کە پەنا ببەنەبەر پیاوانی پۆلیسی گومرگی و لە کاتی پێویستدا بچنە ناو گشت کەشتییەکان، کە لە بەندەرەکان هەن و ئەوانەشی کە بۆی دێت و لێی دەردەچێت و تیایدا دەمینێتەوە، تا بارەکە بە تەواوی بەتاڵدەکرێت یان باردەکرێت. فەرمان بە کردنەوەی دەرەچەکانی کەشتییەکە  لە ژوور و کۆگا و بەستە بەندانەکانی دەدرێت، کە هەڵیگرتووە، تیایدا دانانی مۆرەکانی قورقوشمی لە سەر کاڵاکانی سنوردار یان ملکەچ بۆ ڕەسمەکانی گرانبەهان یان قەدەغەکراوەکان دیاریکراوە. هەروەها داوا لە کاپتنەکانی کەشتییەکان دەکرێت، کەوا لیستی ئەم کاڵایانە لە کاتی چوونە ناو بەندەرەکان .دەبخەن هەروەها ماددەی (١٨٥) یاساکە ڕێگەیان پێدەدات، داوای پێشکەشکردنی ڕاگەیاندنی بارەکە (مەنەفێست) و بەڵگەنامەکانی تر بکەن، کە دەبێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێشکەشبکرێن، لە حالەتی پێشکەشنەکردنی بەڵگەنامەکان یان نەبوونی بەڵگەنامەکان یان گومانکردن لە هەبوونی کاڵای بە قاچاغبردراو یان قەدەغەکراو، دەبێت گشت ڕێککار و ڕێوشوێنێکی پێویست بگرنەبەر، وەک بە کارهێنانی هێز بۆ دەستبەسەرداگرتنی کاڵاکان و پێشرەویکردنی کەشتییەکان بۆ نزیکترین نوسینگەی گومرگی.

یاساکە دەسەڵاتی بە فەرمانبەرانی گومرگ لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگی وشکانی و دەریایی داوە، لە پێناو بەدواداچوونی کاڵاکانی بە قاچاخبردراو کرداری بەدواداگەڕانی تاوانکاری ئەنجامبدەن. بێگومان، ئەم فراوانبوونەی دەسەڵات بۆ دەرەوەی سنوری دیاریکراوی گومرگی، بەبێ مەرج و کۆتوبەندی دادوەری توند، مەترسی گەورە دروستدەکات لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە. لە هەمانکاتدا ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان، ڕاستە پێویست کراوە پشت بە بەڵگە ببەسترێت لە سەر بە قاچاخبوونیان و لە ڕێگەی کۆنوسی سەرەتایی بسەلمێنرێت، بەڵام ئەمە بەس نییە و گرێنتییەکی تەواو بۆ پاراستنی مافەکان دابیناکات. بەڵکو پێویستی بە چاودێری دادوەریی پێشوەختە هەیە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەستدرێژی نەکرێتەسەر ئازادی و موڵکی هاووڵاتییان، بۆیە پێویستە دەسەڵاتەکانی فەرمانبەرانی گومرگ لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگی بە شێوەیەکی دادوەری توند کۆنترۆڵبکرێت، بە جۆرێک هەر گەڕانێک یان دەستبەسەرداگرتنێک لە دەرەوەی سنوری گومرگ دەبێت بە بڕیاری دادوەری بێت، یان لە حاڵەتە زۆر دەگمەنەکاندا، کە مەترسی لەدەستدانی بەڵگە هەبێت بە ڕێککاری یاسایی توند و چاودێری دادوەری پاشوەختە بێت.

تەوەری دووەم: دەسەڵاتی پشکنین لە تاوانە گومرگییەکان

ڕێککارێکە لە لایەن فەرمانبەرانی گومرگی ئەنجامدەدرێت، کەوا هەڵگری پلەی ڕێکخستنی دادگەرین، ئامانج لێی چاودێریکردنی جێبەجێکردنی دروستی یاسای گومرگ ڕێسا و یاسا کارپێکراوەکانە. جێگەی باسە، زۆربەی یاساکانی ڕێککارییەکان پێناسەی پشکنینیان نەکردووە، لەوانە یاسای دادگەرییە سزاییەکانی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) و یاسای هەندێک لە وڵاتە عەرەبییەکان وەک سوریا و ئوردن، هەروەها لە نێو یاساکانی تر دەبینین وڵاتی فەڕەنسا هیچ دەقێک نییە لە نێو یاساکانیدا، کە ئەم زاراوەیەی ناساندبێت.(د. طلال عبد حسين البدراني، الآنسة إسراء يونس هادي ، ٢٠٠٩: ص ٢٥١) بە سەرنجدان بە نەبوونی پێناسەی پشکنین لە

زۆربەی یاساکانی ڕێککارەکاندا، ئەوا تیشک دەخەینەسەر چەند پێناسەیەک، کەوا لە لایەن توێژەر و فەقیهەکانەوە کراوە، هەندێک پێیان وایە، پشکنین بریتییە لە ڕێککارێکی لێکۆڵینەوە کە لە لایەن فەرمانبەرێکی پسپۆڕەوە ئەنجامدەدرێت بۆ گەڕان بە دوای بەڵگەی پەیوەست بە تاوانێکی دیاریکراو لە شوێنێکی تایبەت یان لەگەڵ کەسێکی دیاریکراو پاڵپشت بە حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکان(براء منذر كمال عبدالطيف، ٢٠١١: ص١٤٤). یاخود پشکنینی شوێنێکە، کە بە یاسا پیرۆزییەکی تایبەتی پێ بەخشراوە، بۆ گەڕان بە دوای شتگەلێک، کەوا سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەیە. هەندێکی تر وەک ڕێککارێکی لێکۆڵینەوە پێناسەیان کردووە، کە ئامانج لێی گەڕانە بە دوای بەڵگەی ماددی پەیوەست بە تاوانێک، کەوا ئەنجامدراوە، جا چ بە پشکنین لە سەر جەستەی تۆمەتبار بێت یان ماڵەکەی بێت، یاخود هەر شوێنێکی تر کە گریمانەی ئەوە بکرێت بەڵگەی تێدا دەستدەکەوێت. (د. طلال عبد حسين البدراني، الآنسة إسراء يونس هادي ، ٢٠٠٩: ص ٢٥١) هەروەها ناسێنراوە بە ئامرازێکی سەلماندنی ماددی، کە ئامانجی دۆزینەوەی شتگەلێکی شاراوەیە یاخود کەسانێکە، کە لە دادپەروەری هەڵاتووە. کەواتە، ئامرازێکە بۆ سەلماندنی بەڵگەی ماددی و دەکرێت بابەتی پشکنین کەسێک بێت یاخود شوێنێک بێت.( القاضى منى جاسم الكوارى، ٢٠٠٨: ص٢٣)

جێگەی باسە، یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی کارپێکراو لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٧٢) ئاماژە بەوە دەکات، نابێت هیچ کەسێک بپشکێنرێت یان چوونە ژوورەوە و پشکنین بوو ماڵەکە ئەنجامبدرێت یان هەر شوێنێکی تر کە لە ژێر دەستیدا بێت، تەنها لەو بارانەدا نەبێت کە لە یاسادا دیاریکراون. لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٧٣) هەمان یاسا پشت ڕاستی ئەمە دەکرێتەوە، کەوا دروست نییە پشکنینی هەرکەسێک یان چوونەژوورەوە یان پشکنینی شوێنەکەی یان هەر شوێنێکی تری بکرێت کە لە ژێر دەستیدا بێت، تەنها لە حالەتێک نەبێت کە پشکنینەکە پاڵپشت بێت بە فەرمانی دەسەڵاتی تایبەت و ڕێگە پێدانی یاسایی هەبێت. ڕوونە ئەرکی سەرەکی ئەندامانی

ڕێکخستنی دادگەری وەک بنەمایەکی گشتی سنوردارە، بە بەدواداگەڕانی تاوانکاری و تۆمەتباران و کۆکردنەوەی بەڵگەی پێویست بۆ بەدواداچوونی دۆسیەکە، بە بێ ئەوەی لەوە تێپەڕێت بە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی تر، کە بکەوێتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و زیان بە ئازادی تاکەکان بگەیەنێت، بەڵام سەبارەت بە بابەتە گومرگییەکان دەبینین، هەندێک جیاوک بەخشراوە بە فەرمانبەرانی گومرگی بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە سەرەتاییەکانی دەوڵەت، کە لە سەرووی بەرژەوەندی تاکەکانەوەیە. (رعد محمد عبد اللطیف، ٢٠١٥:ص١٢٣) بە پێی بڕگەی سێیەمی ماددەی (١٨٣)ی یاسای ئاماژەپێکراوە، کە دەسەڵاتەکانیان گۆڕانکارییان بە سەردا دێت، بە پێی ئەو شوێنەی کەوا کردارەکە تێدا ئەنجامدەدرێت. سەبارەت بە پشکنینی کەسەکان لە نێو چوارچێوەی گومرگی خۆی دەبینێتەوە فەرمانبەرانی گومرگی پشکنین بۆ کەسەکانی سەر سنورئەنجامدەدات، لە حالەتی هاتنەژوورە یان چوونە دەرەوە، بە پێی ئەو بنەمایانەی کەوا یاساکان و ڕێنماییە کارپێکراوەکان دیاریدەکەن. بە پێچەوانەی ئەوە دروست نییە کەسەکان پشکنینی جەستەیان بۆ بکرێت لە دەرەوەی ناوچەی گومرگی تەنها لە حالەتی تاوانی بینراو یان زانیارییەک نەبێت، کە بە ڕاپۆرتی سەرەتایی پشتڕاستکرابێتەوە.

جێگەی باسە، یاسادانەری عێراقی لە پشکنینی کەسەکان زیاتر بایەخی بە پشکنینی دەرەکی جەستەی کەسەکانی داوە و لە هیچ بڕگەیەکی یاسای گومرگی کارپیکراودا ئاماژەی بە پشکنینی پزیشکی نەکردووە، کە جۆرێکی تایبەتی پشکنینە، کاتێک فەرمانبەری گومرگی پەنای بۆ دەبات، لە ئەگەری ئەوەی گومانی هەبێت، ئەو کەسەی سنور دەبڕێت، ماددەی هۆشبەر یا خود کاڵای قاچاخ لە ناو جەستەی خۆیدا حەشاردابێت، تەنها ئەوە نەبێت، کە لە ماددەی (٧٠) یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی کارپێکراو، ڕێگە بە فەرمانبەری ڕاسپێردراو بە لێکۆڵینەوە لە تاوانە گەورە و کەتن دەدات، پەنا بباتەبەر پشکنینی ناچاری تۆمەتبار بۆ ئەوەی بتوانرێت جەستەی بپشکێنرێت یاخود پەنا ببات بۆ هەر ڕێککارێکی تر، کە سودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت.  لە نێو ئەو وڵاتانەی

ئەم بابەتەیان ڕێکخستووە، فەڕەنسایە، ماددەی (٦٠) ی  یاسای گومرگی فەڕەنسا ڕێگەی بە کارمەندانی گومرگی داوە، دوای دەرکەوتنی نیشانەی جدی لە سەر بوونی ماددەی هۆشبەری شاردراوە لە ناو جەستەی کەسێکدا، بیخەنەژێر پشکنینی پزیشکی، بێگومان ئەمەش دەبێت لە دوای ڕەزامەندی ڕوونی کەسەکە پەنای بۆ ببردرێت و لە حالەتی ڕەتکردنەوەی دەبێت فەمانبەرانی گومرگی داواکاری پێشکەش بە سەرۆکی دادگای ناوچەیی بکەن بە مەبەستی ڕەزامەندی لە سەر ملکەچکردنی کەسەکە بۆ ئەنجامدانی پشکنین، دوای دەربڕینی مۆڵەت لە لایەن دادوەری ناوچەیی لە لایەن پزیشکی پسپۆڕەوە پشکنینی بۆ دەکرێت و ئەگەر ڕەتیکردەوە ملکەچ بێت بۆ ئەنجامدانی پشکنینەکە، ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەی ساڵێک و پێبژاردن بە بری (٣٧٥٠) یۆرۆ سزا دەدرێت.

سەبارەت بە پشکنین لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگی یاسادانەر بە پێی برگەی دووەمی ماددەی (١٨٦) ی یاسای ئاماژەپێکراو مەرجی داناوە، کاتێک فەرمانبەرانی گومرگی کرداری پشکنینی کاڵاکان ئەنجامدەدەن. سەبارەت بەو کەڵوپەلانەی کەوا ملکەچن بۆ باج و ڕسومی گومرگی لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگی پشت بە بەڵگە ببەستن لە سەر بە قاچاخ بوونیان و ئەمەش دەبێت لە ڕێگەی کۆنوسی سەرەتایی بسەلمێنرێت، هەرچی کاڵاکانی قەدەغەکراوی دیاریکراو و کاڵاکانی قەدەغەکراو و کاڵاکانی ملکەچ بۆ ڕەسمەکانی گرانبەهان، کە دەستدارییەکانی یان گوێزەرەوکانی ناتوانن هاوردەکردنی یاساییانەی بسەلمێنن، بە جۆرە جیاوازەکانی هۆیەکانی سەلماندن، کە ئیدارەی گومرگەکان دیاریدەکات، ئەوا بە حوکمی قاچاخبردنی کاڵاکانی هاتوو بۆ ناوەوە دادەنرێت، ئەگەر پێچەوانەکەی نەسەلمێنرێت و فەرمانبەرانی گومرگی دەتوانن ڕێککارە یاساییەکان لە دژیان بگرنەبەر، هەروەها بە پێی برگەی (یەکەم/ج) ماددەی ئاماژەپێکراو، دەسەڵات بە فەرمانبەرانی گومرگی دراوە، کەوا پشکنین لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگی وشکانی و دەریایی ئەنجامبدەن. سەبارەت بە کاڵاکانی بە قاچاخ

برداو و بینینیان لە چوارچێوەکەدا و شوێن کەوتنییان، یاخود لە دۆخێکدا، کە بەڵگەکان ئەوە دەگەیەنن مەبەست لەمە بە قاچاخ بردنیەتی.

یاسادانەری عێراقی پشکنینی کەسەکان، بە تایبەتی پشکنینی پزیشکی ئاشکراکەر لە نێو چوارچێوەی یاسای گومرگی ڕێکنەخستووە و ئاماژەی بەوە کردووە، دەبێت بۆ پشکنینی کەسەکان بۆ یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان بگەڕێنەوە، بۆیە بە گەڕانەوە بۆ یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لەوانە یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان دەبینین، ئەم بابەتە بە تایبەت پشکنینی پزیشکی ئاشکراکەر جێگەی بایەخ نەبووە لای یاسادانەر. بۆیە پێمان وایە، ئەم بابەتە هەستیارە، پێویستە هاوشێوەی یاسای فەڕەنسی و جەزائیری ڕێکبخرێت و بە جۆرێک ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی ئاشکراکەر لە لایەن پزیشکی پسپۆڕ پێویست بکرێت و ببەسترێتەوە بە هاتنەدی ئەم مەرجانەی خوارەوە:-

١: ڕازیبوونی کەسەکە : ئەگەر ڕازی نەبوو دەبێت لە ڕێگەی دادوەرێکەوە فەرمانی پشکنینی بدرێت.

٢: ئەنجامدان لە لایەن پزیشکێکی پسپۆڕی دیاریکراو: پشکنینەکە دەبێت لە لایەن پزیشکێکی پسپۆڕ و لە شوێنێکی گونجاو و بە ڕێگەیەکی پیشەیی ئەنجامبدرێت بە شێوەیەک کە کەمترین زیان بە کەسەکە بگەیەنێت.

٣: هەبوونی گومانی بەهێز: پێویستە بەڵگەیەکی بەهێز هەبێت، کە گومانی بەهێز لە سەر هەڵگرتنی ماددەی هۆشبەر یان کاڵای قاچاغ لە ناو جەستەی کەسەکەدا هەبێت پێش ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی.

٤: ئامادەکردنی کۆنوس: شێوازی ئەنجامدانی ڕێککارەکان بە وردی لە کۆنوسێکدا ئاماژەیان پێبدرێت و کۆنوسەکە لە لایەن لیژنەی پزیشکی پسپۆڕ و ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری واژو بکرێت.

تەوەری سێیەم: دەسەڵاتی دەستگیرکردن

ڕێککارێکە لە ڕێککارەکانی لێکۆڵینەوە، کە دەسەڵاتی تایبەتمەند لە لێکۆڵینەوە لە بنەڕەتەوە تایبەتە بە ئەو، مەبەست لێی گرتنی تۆمەتبارە لە لایەن کەسی ڕاسپێردراو بەو کارە و خستنەژێر دەسەڵاتی بۆ ماوەیەک تا بیهێنێتە بەردەم دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بۆ لێپرسینەوە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا.(مصطفى هشام سلمان،٢٠٢٣:ص١١) جێگەی باسە، لە یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی عێراقی لە ماددەکانی (٩٢ تا ١٠٧) کارپێکراو هاتووە، دروست نییە هیچ کەسێک دەستگیربکرێت، تەنها بە فەرمانی دادوەر یاخود دادگا یاخود ئەو بارانە نەبێت، کە بە پێی یاسا ڕێگەیان پێدراوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، دادوەری لێکۆڵینەوە تاکە لایەنە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا دەسەڵاتی دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی هەبێت. بێگومان ئەم سنورداركردنە بۆ ترسناکی ڕێککارەکە دەگەڕێتەوە، کە زیان بە ئازادی تاکەکان دەگەیەنێت، ئەم بابەتە لای زۆربەی یاسادانەرانی وڵاتان جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە و ڕێگە بە دەستگیرکردنی کەسەکان نادەن، تەنیا لەو چوارچێوە دیاریکراوە نەبێت، کە لە دەستوور و یاساکاندا هاتووە. هەروەک لە ماددەی (١٥)ی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)دا هاتووە، مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی کەسی بۆ هەموو تاکێک گەرەنتی دەکرێت و ڕێگە بە هیچ تاکێک نادرێت، لەم مافانە بێبەش بکرێت یان سنورداربکرێت، تەنیا بە پێی یاسا و بە پشتبەستن بە بڕیارێک نەبێت کە لە لایەن لایەنێکی دادوەری تایبەتمەندەوە دەرچووبێت. بۆیە دەستگیرکردن لە لایەن فەرمانبەر یان ئەو کەسەی لە هەڵومەرجێکی تردا خزمەتی گشتی پێی سپێردراوە، جگە لەو بارانەی لە یاسادا هاتووە، بە پێی ماددەی (٣٢٢)ی یاسای سزاکانی عێراقی کارپێکراوە بەرەوڕووی لێپرسینەوەی تاوانکاری دەکاتەوە و سزا دەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە (٧) ساڵ زیاتر نەبێت یاخود بە بەندکردن.

بە گەڕانەوە بۆ یاسای گومرگی کارپێکراو، دەبینین یاسادانەری عێراقی لە چوارچێوەی بڕگەکانی یاسای گومرگی کارپێکراودا، هیچ دەقێکی دانەرشتووە، کە ئاماژە بێت بە پێدانی دەسەڵاتی دەستگیرکردن بە کارمەندانی گومرگی، بەو پێیەی کەوا بە ئەندامی ڕێکخستنی دادگەری دادەنرێت. نەبوونی دەق لە یاسای گومرگی کارپێکراوی عێراقدا وا دەخوازێت بۆ یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی کارپێکراو بگەڕێنەوە، لە ماددەی (٩٢) یاساکەدا هاتووە، ڕێگەپێدراو نییە، هیچ کەسێک دەستگیربکرێت، تەنیا بە پێی فەرمانێک نەبێت کە لە لایەن دادوەر یان دادگایەوە دەردەچێت یان لەو حاڵەتانە نەبێت کە یاسا ڕێگەی پێداوە، لە ماددەی (١٠٢)ی یاسای ئاماژەپێکراودا، هەندێک حاڵەتی بەدەرکردووە و دەسەڵاتی دەستگیرکردنی تۆمەتباری بە فەرمانبەرانی گومرگی بەخشیوە، بە بێ ئەوەی پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەتی دادوەر یاخود دادگا بێت، لە خوارەوە باسی حاڵەتەکان دەکەین :-

١: لە حاڵەتی تاوانی گومرگی بینراودا، فەرمانبەری گومرگی، دەتوانێت تۆمەتبارەکە دەستگیربکات.

٢: گرتنی تۆمەتبارێک لە دوای دەستگیرکردنی هەڵهاتبێت.

٣: دەستگیرکردنی تاوانبارێک کەوا بە غیابی حوکم درابێت بە لێسەندنەوەی ئازادی.

لە کوتایی ئەم تەوەرەدا، بە پێویستی دەزانین، ئاماژە بەوە بدەین، نەبوونی دەقێک لە یاسای گومرگی عێراقی کارپێکراودا، تایبەت بە بڕیاری دەستگیرکردن لە کەرتی گومرگدا بە کەموکوری دەبینین لەم یاسایە و پێمان وایە، پێویستە لە حاڵەتی خۆبەدەستەوەنەدانی کەسانی جێگای گومان یان تۆمەتبار، ئەوا دەسەڵاتی دەستگیرکردن، وەک حاڵەتێکی ڕێزپەڕ و تایبەت بدرێت بە فەرمانبەرانی گومرگی، بە تایبەت کاتێک فەرمانبەرانی گومرگی لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندا دەبن لەگەڵ تۆمەتبارانی لاسار کە لە ماددەکانی (١٨٣-١٨٥-١٨٦) یاسای گومرگییدا هاتووە،

هەروەک چۆن لە یاسای بنەماکانی دادبینیکردنی سزاییدا ئەم دەسەڵاتە بە ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری لە تاوانە بینراوەکان دراوە.

تەوەری چوارەم: دەسەڵاتی کارمەندانی گومرگی لە ڕووی لێکۆڵینەوە لە تاوانە گومرگییەکاندا

لێکۆڵینەوە خۆی لە کۆمەڵێک ڕێککار دەبینێتەوە، کە لە لایەن دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدرێت، بە ئامانجی کۆکردنەوە بەڵگەکان و ئاشکراکردنی ڕاستی و دروستی تاوانەکە، پێش قۆناغی دادگاییکردن. بێگومان ئەم ڕێککارانە زۆر گرنگن لە دۆسیەکانی گومرگدا، چونکە بڕیارەکان زۆرجار لە سەر ئەنجامەکانی ئەم ڕێککار و بەڵگە و نیشانزنە دەردەچن. (یاسر محمد عبد الله: ص٣٨٦)

لە ماددەی (٣٧)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە، کەوا نابێت بە بێ بڕیاری دادوەری، لێکۆڵینەوە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکرێت، لەم پێناوشەوە یاسادانەر لە ماددەی (٥٢)ی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی کارپێکراو بابەتەکەی ڕێکخستووە. بە شێوەیەک، وەک بنەمای گشتی تەنها دادوەری لێکۆڵینەوە لێکۆڵینەوە لە گشت تاوانەکان ئەنجامدەدەن یان بە هۆی لێکۆڵەرەکانەوە بۆی هەیە یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری دیاریبکات، تاوەکو ڕێککارێکی دیاریکراو ئەنجامبدات. جێگەی باسە، یاسادانەر لە چوارچێوەی یاسای گومرگی عێراقی کارپێکراودا ئاماژەی بە چۆنیەتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە تاوانە گومرگییەکان نەکردووە، بەڵکو ئەمەی بۆ یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان جێهێشتووە، ئەمەش وا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە بە پێی بڕگەکانی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان ئەنجامبدرێت. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت، کە یاسای گومرگی کارپێکراو هیچ بڕگەیەکی تێدا نەبێت بۆ ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەی گومرگی، بەڵکو لە ماددەی (١٨٧)ی یاساکەدا هاتووە، بۆ فەرمانبەرانی گومرگەکان و ئەفسەرانی پۆلیسی گومرگی هەیە، کاتێک ڕادەسپێردرێن بۆ لێکۆڵینەوە بەڵگەنامەکانی بارکردن و لیستەکان و نامەکانی بازرگانی و گرێبەستەکان و تۆمارەکان و گشت بەڵگەنامەکانی تر، جا هەر جۆرێک بن ڕاستەوخۆ

یان نا ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کاروباری گومرگییەوە هەبێت و ببینن، لە کاتی پێویستدا دەستییەسەردابگرن. کەواتە، ئەو کەسانەی لە تاوان و سەرپێچییە گومرگییەکان دەلێکۆڵنەوە، بریتین لە فەرمانبەران و ئەفسەرانی پۆلیسی گومرگی ڕاسپێردراو بە لێکۆڵینەوە. کە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی یان یاریدەدەرەکەیەوە دەستنیشاندەکرێن، گشت ئەو ڕێککارانە دەگرنەبەر دەکەونە ژێر چاودێری بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ناوچەی گومرگی.(القاضي یوسف الیاس، ٢٠٢١:ص ٢٣).

بە شێوەیەکی گشتی ڕێککارەکان ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:- (عماد حسین نجم، ٢٠٠٣: ص ٨١-٨٧)

١: پاڵپشت بە ماددەی (١٢٣) یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی کارپێکراو، پێویستە فەرمانبەری ڕاسپێردراو لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە تۆمەتبار بکات لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێر لە ئامادەبوونی دوای جێگیرکردنی کەسایەتی.

٢: لە کاتی تۆمارکردنی گوفتاری سەرپێچیکاران و ئەنجامدەرانی تاوانی قاچاغ، پێویستە پرسیاریان لێ بکات لەبارەی چۆنیەتی دەستخستنی کاڵای قاچاخ و شوێنی گەیاندنی و چۆنیەتی گواستنەوەکەی و ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەوەی، ئایا هاوبەش یان یارمەتیدەر هەبووە لە تەواوکردنی پرۆسەی قاچاغەکە و پرسیارکردن لە چۆنیەتی فرۆشتنی.

٣: دەستبەسەرداگرتنی گشت لیست و بەڵگەنامە و گرێبەست و تۆمارەکان...هتد.

٤: لێکۆڵینەوە لە سەر چۆنیەتی دەستداریکردنی کاڵاکان لە ڕێگەی داواکردنی پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکان، کە بە یاسایی هەبوونی دەستدارییەکە دەسەلمێنن.

٥: ڕوانین لە کۆنوسی ڕاپۆرتی دەستبەسەرداگرتن بۆ زانینی ناوچەکە، کە کاڵاکان تێیدا دەستبەسەرداگیراون و دووری لە سنورەکانەوە.

٦: جەختکردنەوە لە سەر ئەوەی، کە ئایا لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی کاڵای قاچاغ شوێنکەوتن یان چاودێریکردن و تەقەکردن یان شتێکی تر هەبووە.

بە گەڕانەوە بۆ یاسای گومرگی کارپێکراو، سەرەڕای پێدانی ئەم دەسەڵاتانە بە لێکوڵەر، ئاماژە بە مەرجەکان نەکراوە بۆ پێدانی سیفەتی لێکوڵەر بە فەرمانبەری گومرگی. بێگومان ئەمەش بە کەموکوڕیەکی یاسایی دادەنرێت، بۆیە ئێمە پێمان وایە، لە بەر تایبەتمەندبوونی بابەتەکە، پێویستە لێکوڵەری تایبەت ڕابهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانە گومرگییەکان بە هەمانشێوەی ئەو لێکوڵەرانەی لە بنکەکانی پۆلیسدا بوونیان هەیە. هەمان ئەو مەرجانە بکرێنە پێوەر بۆ پێدانی سیفەتی لێکۆڵەر بە ئەفسەرانی پۆلیس و ڕێپێدراوەکان، جێگەی باسە، لە بڕگەی پێنجەمی ماددەی (٥١) لە یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکاندا هاتووە، لێکۆڵەر بە فەرمانی وەزیری داد دادەمەزرێت، بەو مەرجەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یاسا، ڕێگەپێدراوە، ئەفسەرانی پۆلیس و ڕێپێدراوەکان دەسەڵاتی لێکۆڵەریان بە فەرمانی وەزیری داد پێ بدرێت.

باسی دووەم : دەسەڵاتەکانی کارمەندانی گومرگی لە سەپاندنی ڕێککارە یەدەکییەکاندا

یاسادانەر لە بەشی دووەم لە دەروازەی شانزەهەمی یاسای گومرگی کارپێکراو، باس لە ڕێوشوێنە یەدەکیەکان دەکات، کەوا فەرمانبەری گومرگ دەتوانێت لە دژی سەرپێچیکاران بیگرێتەبەر، لەو حاڵەتانەی ترسی هەڵاتنیان هەیە یان کاتێک لە ڕووی داراییەوە ناتوانن ئەو پارەیەی کە قەرزارە بیدەن. زانراوە ڕێککارە یەدەکییەکان لە سەرپێچیەکان و تاوانەکانی قاچاخچییەتی دەکرێت، لە سەر ڕاگرتنی کەسێک بێت یان لە سەر گلدانەوەی کاڵا و ئامرازەکانی گواستنەوە بێت یاخود لە سەر قەدەغەکردن و ڕێگریکردن لە گەشتکردن بێت، بۆیە بە ئامانجی تیشک خستنەسەریان لە تەوەری یەکەمدا باسی گلدانەوەی یەدەکی دەکەین و لە تەوەری دووەمدا، تیشک دەخەینەسەر دەسەڵاتی ڕاگرتنی سەرپێچیکاران و تەوەری سێیەم بۆ باسکردن لە دەسەڵاتی دانانی بڕیاری قەدەغەکردنی گەشت و هاتوچوو تەرخاندەکەین، کە لە حاڵەتی

پێویستدا، دەتوانن پەنای بۆ ببەن. لە کوتا تەوەریشدا، باسی دەسەڵاتی بەدواداچوونی فەرمانبەرانی گومرگی دەکەین.

تەوەری یەکەم: دەسەڵاتی گلدانەوەی یەدەکی

بە شێوەیەکی گشتی گلدانەوەی یەدەکی ناسێنراوە، کەوا بریتییە لە ڕێککارێکی خوپارێزی کاتێک لە لایەن کارمەندانی گومرگ دەگیرێتەبەر و خۆی لە دەستبەسەرداگرتنی شتومەک و کاڵاکانی قاچاغ دەبینێتەوە، کە بە تەواوی یان بەشێکی قەدەغەکراون، یاخود دەستبەسەرداگرتنەکە بۆ هوکاری دەستداریکردنی نایاسایی کاڵاکان دەگەڕێتەوە، یاخود بۆ هاوردەکردن و هەناردەکردنیان لە دەرەوەی نوسینگە و فەرمانگە گومرگییەکان دەگەڕێتەوە. کەواتە، ئامانج لە پەنابردن بۆ ئەم ڕێککارە و دەستبەسەرداگرتنی بابەتی تاوانەکە لە لایەن فەرمانبەرانی گومرگی بە پلەی یەکەم بۆ ئەوەیە کەوا بەڵگەکان لەدەستنەچن.(عقيلة خرشي، لا ٣٣٤) هەروەها ناسێنراوە، کەوا ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی تاوانی گومرگی، کە خۆی لە دەستبەسەرداگرتنی بابەتی تاوانەکە دەبینێتەوە، کە کاڵاکان لەخۆدەگرێت. بەو پێیەی زۆربەی تاوانەکانی گومرگی پەیوەندییان بە کاڵاکانەوە هەیە. (غزالي مصطفى، 2017 : ص ٦)

یاسادانەری عێراقی لە چوارچێوەی یاسای گومرگی کارپێکراودا، لە ماددەی (٢٣٥) ئاماژەی بە ڕێککارەکە و ئەو لایەنانە کردووە، کەوا پێی هەڵدەستن و دەسەڵاتی بە فەرمانبەرانی گومرگ داوە، کە تایبەتمەندن بە ڕێکخستنی کۆنوسی ڕێکهێنانی کالاکان دەستبگرن بە سەر بابەتی تاوانەکە و گشت ئەو شتانەی بۆ شاردنەوە و گواستنەوەی بەکارهاتوون، دەستبگرن بە سەر گشت بەڵگەنامەکان بە مەبەستی سەلماندنی تاوانەکە و گەرەنتی ڕەسم و باج و پێبژاردەکان. هەروەها دەسەڵات بە بەڕێوەبەری گشتی دراوە بۆ گەرەنتیکردن و وەرگرتنی ڕەسم و باج و سزاکان و دەستبەسەرداگیراوەکان، بە پێ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە پێشنیاز بکات بۆ وەزیر، کەوا بڕیارێک دەربکات و بڕێکی پێویست لە سامانی سەرپێچیکاران و بەرپرسیارەکان لە

قاچاغچییەتی جا چ گواستراوە بێت یاخود نەگواستراوە دەستبەسەردابگیرێت. هەروەها پاڵپشت بە ماددەی (٢٣٦) ی یاسای ئاماژەپێکراو دەتوانێت لە کاتی پێویستیدا وو گەرەنتی مافی خەزینە داوای دڵنیایی یان گەرەنتییەکان لە سامانی باجدەران یان کەفیلەکانیان بکات، بە پێی ئەو مەرجانەی لە یاساکانی کارپێکراو دیاریکراون.

سەبارەت بە چوارچێوەی دیاریکراو بۆ پەنا بردنەبەر گلدانەوەی گومرگی لە لایەن فەرمانبەری گومرگی لە ماددەی (١٨٦)ی یاسای گومرگی کارپێکراودا هاتووە، فەرمانبەری گومرگی وەک بنەما تەنها لە چوارچێوەی گومرگی وشکانی و دەریایی و حەرەمی گومرگی و لە بەندەر و فروکەخانەکان دەتوانێت پەنا بباتەبەر گلدانەوەی کاڵاکان، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە دەسەڵاتەکە بە رەهایی پێی نەبەخشراوە و بە چوارچێوەی گومرگ سنوردارکراوە. تەنها کاتێک دەتوانرێت لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگی پەنا بۆ رێککارەکە ببردرێت، کە کاڵا قاچاخەکان چوارچێوەی گومرگییان تێپەراندبێت و دەستیان بەسەردانەگیرابێت یاخود لە بارێکدا بێت، بەڵگەی ئەوە بگەیێنێت مەبەست تیایدا بە قاچاخ بردنیەتی، بۆیە کاتێک فەرمانبەرانی گومرگ کرداری گەڕان ئەنجامدەدەن، ئەوا پاڵپشت بە بڕگەی سێیەم، لە ماددەی (٢٣٩) ئەگەر لە ئەنجامی نۆڕین کاڵای قاچاخ و ڕانەگەیێنراو بکەوێتەبەر دەستیان دەبێت دەستیبەسەردابگرن و پێویست کراوە لە سەریان کاڵا قاچاخەکان و شتەکان و ئامرازەکان، کە بەکارهاتوون بۆ شاردنەوەی تاوانەکە و هۆیەکانی گواستنەوە بگوازرێنەوە بۆ نزیکترین نوسینگە یان بنکەی گومرگی. لە حاڵەتێکدا سەڵمێنرا ئامرازی گواستنەوەکە بەکارهێنراوە لە بەقاچاغبردن دەستکاری کرابێت یان ئامادە کرابێت یان بۆ ئەم مەبەستە بەکرێگیرابێت، ئەوا بە پێی بڕگەی یەکەمی ماددەی (١٩٥) دەسەڵات بە بەڕێوەبەری گشتی یان ئەو فەرمانبەرە دراوە، کە ئەم دەسەڵاتەی پێ بەخشراوە، ڕەوانەی دادگای گومرگی بکات و دادگاکەش دەسەڵاتەکانی باسلێکراوەکان کەوا هاتوون لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (١٩٤) لەم یاسایەدا بەکاردەهێنێت و حوکم بە دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی

گواستنەوە و کەرەستەکان و مادەکان دەدات، کە بەکارهاتووە لە بەقاچاغبردن، جگە لە کەشتییەکان و فڕۆکەکان، ئەگەر ئامادەنەکرابن یان بۆ ئەم مەبەستە بەکرێنەگیرابن.

تەوەری دووەم: دەسەڵاتی ڕاگرتن

جێگەی باسە، دەستووری هەمیشەی عێراق لە ماددەی (٣٧) باسی ڕاگرتن دەکات، ناکرێت پەنای بۆ ببرێت، مەگەر بە فەرمانی دادوەری نەبێت، بە گەڕانەوە بۆ یاسای گومرگی کارپێکراو، دەبینین یاسادانەر لەو بنەمایە دەرچووە و لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٣٧) ڕێگەی بەدەستبەسەرکردنی تۆمەتبار داوە، بە بڕیارێک لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی دەستەی گومرگەوە یان ئەو فەرمانبەرەی ئەم دەسەڵاتەی پێ دەدرێت. لە سەر بەڕێوەبەری گشتی دەستبەسەرکراو پێویستکراوە ڕەوانەی دادگای گومرگ بکات، لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕێکەوتی دەستبەسەرکردنەکە. ئەم ڕێگەپێدانە بەو پێیەی پێچەوانەی ماددەی ئاماژەپێکراوی دەستووری هەمیشەیی عێراقە، ئەوا بە پێی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی هەڵوەشاوەتەوە بە ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠١١)، هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی ئاماژەپێکراو، ئەم دەسەڵاتە لە بەڕێوەبەری گشتی و فەرمانبەری ڕاسپێردراو دەسەندرێتەوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت، کەوا بە شێوەیەکی تەواوەتی ڕێگری لە فەرمانبەرانی گومرگی بکرێت، پەنا ببەنەبەر ئەم ڕێککارە، بەو پێیەی دەسەڵاتییان پێدراوە لە هەندێک حاڵەتدا سەرپێچیکاران ڕابگرن، هەروەک لە ماددەی (92) یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانی کارپێکراودا هاتووە، سەرەڕای ئەوەی پەنا بردرنەبەر ڕاگرتنی کەسەکان بە بێ بڕیاری دادوەر یاخود دادگای بابەت قەدەغە دەکات، بەڵام لە بەشی کوتایی ماددەکە ئاماژە بەوە دەکات، ڕێگەپێدراوە کەسەکان ڕابگیرێن بە پێی ئەو حاڵەتانەی کە بە پێی یاسا ڕێگەپێدراون، بۆیە بە گەڕانەوە بۆ ماددەی (٢٣٧/ یەکەم) لە یاسای گومرگی کارپیکراو دەبینین ئاماژە بەو حالەتە بەدەرانەکردووە، کەوا بە بێ فەرمانی دادوەری دەتوانن سەرپێچیکاران ڕابگرن، پەنا ببەنەبەر ڕێککارەکە، حالەتەکان بریتین لە :-

١: دەتوانن تۆمەتبارەکان ڕابگرن و دەستبەسەریانبکەن لە تاوانەکانی قاچاخچییەتی بەرچاو و گشت تاوانەکانی تر کە لە هەمان حوکم دان.

٢: فەرمانبەرانی گومرگی کاتێک ڕێککاری لێکۆڵینەوە لە تاوانە گومرگییەکان ئەنجامدەدەن لە حالەتی ڕێگریکردن لە پەنابردنەبەر ئەم ڕێککارە، دەتوانن سەرپێچیکار ڕابگرن و دەستبەسەربکەن.

٣: لە حالەتێک فەرمانبەرانی گومرگی ترسیان هەبێت لەوەی کەسەکان ڕابکەن تا ڕزگاربن لە سزاکان و پێبژاردەکان، ئەوا دەتوانن ڕایانبگرن.

بێگومان دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بە هەڵوەشاندنەوەی برگەی دووەمی ماددەی (٢٣٧)ی یاسای گومرگی کارپێکراو لە ڕێگەی بڕیاری ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠١١)، کارێکی باشی کردووە. بەم هەنگاوە باڵایی دەستوور و پرەنسیپی پاراستنی ئازادی کەسی پشتڕاستکردووە، کە لە ماددەی (٣٧)ی دەستووردا جێگیرکراوە، ئەم بڕیارە بە واتای ئەوە دێت، فەرمانبەرانی گومرگ تەنها لەو حاڵەتە ڕێزپەرانەی بە پێی یاسا دیاریکراون، وەک، تاوانەکانی قاچاخچییەتی بینراو، حاڵەتەکانی مەترسی هەڵاتن، ڕێگریکردن. دەتوانن پەنا ببەنەبەر دەستبەسەرکردن. بەڵام ئەوەی لێرەدا تێبینیدەکرێت هاتنەکایەوەی بۆشاییەکی یاسایی مەترسیدارە سەبارەت بە کاتی دیاریکراو بۆ مانەوە لە دوای دەستبەسەرکردن لە لایەن فەرمانبەرانی گومرگەوە لە حاڵەتە ریزپەڕەکاندا. بەو پێیەی دوای هەڵوەشاندنەوەی برگەی (٢٣٧/دووەم/ب) کە ماوەی سێ ڕۆژ دیاریکرابوو بۆ هێشتنەوەی سەرپێچیکار چیتر کاری پێ ناکرێت، بۆیە هیچ ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ ئەو جۆرە دەستبەسەرکردانە نەهێشتۆتەوە لە چوارچێوەی یاسای گومرگی کارپێکراودا. لەبەرئەوە پێمان وایە، بۆ ڕێکخستنی بابەتەکە پێویستە دەقێک زیادبکرێت و فەرمانبەرانی گومرگی ناچاربکرێن کەمتر لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر دەسەڵاتی دادوەری ئاگادار بکەنەوە لە ڕاگرتنی سەرپێچیکارەکان

و بخرێتە بەردەمی هەروەک ماددەی (١٩/سیازدەهەم) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق ئاماژەی پێکردووە.

تەوەرەی سێیەم: دەسەڵاتی دانانی قەدەغەکردنی گەشت

بە واتای ڕێگریکردن لە کەسێک یان شتێک دێت لە جێهێشتنی شوێنێکی دیاریکراو، هەرێمێکی دیاریکراو، یاخود وڵاتێکی دیاریکراو، کە بە ڕێککارێکی خۆپاریزی دادەنرێت و ئامانج لێی ڕێگریکردنە لە دەربازبوونی تۆمەتبار لەو تۆمەتەی ئاراستەیکراوە، جا چ لە بابەتە تاوانکارییەکان بێت یاخود مەدەنییەکان.(أنوار بنت أحمد العنزي: لا ٦٢) یاسادانەری عێراقی لە چوارچێوەی یاسای گومرگی کارپێکراودا، بە پێ ماددەی (٢٣٨)، ڕێگەی بە بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەری فەرمانگەی گومرگی داوە، داوا لە دادگای گومرگ بکات، بڕیاری قەدەغەکردنی گەشتکردنی سەرپێچیکاران و بەرپرسیارانی تاوانی قاچاخچییەتی بدات بۆ دەرەوەی وڵات. ئەگەر سامانی گلدراوەیان بەس نەبێت بۆ پرکردنەوەی بڕەکانی ڕەسم و باج و پێبژاردنەکان، پێویستکراوە بڕیاری قەدەغهکردنی گەشتکردن لە کاتی پێشکەشکردنی کەفالەیەکی گەرەنتیکراو لە لایەن سەرپێچیکار یان بەرپرسیاری بە قاچاغبردن، کە بڕی ڕەسم و باج و پێبژاردەکان پڕدەکاتەوە هەڵبووەشێتەوە، یاخود ئەگەر دەرکەوێت، کەوا سامانە گلدراوەکە بەسە بۆ پرکردنەوەی بری ڕەسم و باج و پێبژاردنەکان.

لێرەدا داواکاری بەڕێوەبەری گشتی سیفەتی ناچارییوونی نییە بۆ دادگای گومرگی، بۆیە پێویستە دادوەری گومرگی بە وردی هەڵسەنگاندنی جدی داواکارییەکە بکات، لە ئەگەری گەڕانەوە و نەگەڕانەوەی کەسەکە لە دوای گەشتەکەی لە بەرچاوبگرێت، بە تایبەتی ڕێسای سەرەکی ئەوەیە، تۆمەتبار بێتاوانە تا تاوانبارییەکەی دەسەڵمێنرێت، هەروەها ڕێگریکردن لە گەشتکردنی کەسێک کە تۆمەتی قاچاخچییەتی خراوەتەپاڵی، تەنها لە ترسی نەدانی باج و ڕسوم و پێبژاردنەکان جۆرێکە لە ستەمکاری و نادادپەروەری بە تایبەت ئەگەر بری باج و ڕسومەکان کەم بن یان

دادگاییەکە درێژبکرێتەوە، یان ئەگەری بێتاوان بوونی کەسەکە هەبێت، لەبەر ئەم هۆکارانە، دادگای گومرگ، پێویستە ئەم خاڵانە لە بەرچاوبگرێت و تەنها لە حاڵەتە زۆر پێویستەکاندا قەدەغەکردنی گەشت بەکاربهێنێت.( أنوار بنت أحمد العنزی: لا ٦٣) ئەگەر فەرمانێک بۆ رێگریکردن لە گەشتکردن دەرچوو و تۆمەتبار دەستپێشخەرییکات بۆ دابینکردنی دەستەبەرییەکی دارایی هاوتای ئەو برە پارانەی کە لێی داواکراوە، یان ئەگەر بۆ دەسەڵاتی گومرگی یان دەسەڵاتی دادوەری کە لێکۆڵینەوەکە ئەنجامدەدات ڕوون بوویەوە کە بەهای کەرەستەی دەستبەسەرداگیراو بەسە بۆ داپۆشینی بری باج و رەسم و پیبژاردەکان، ئەوا دەبێت دەستبەجێ ئەم فەرمانە هەڵبوەشێتەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم رێوشوێنە خۆپارێزییە بۆ یەک مەبەست دەرچووە، کە بریتییە لە گەرەنتیکردنی باج و رسومات و پیبژاردنەکان.( عامر أبوبکر الصدیق محمد ، ٢٠٠٥:ص٥٦٦-٥٦٧)

پێمان وایە یاسادانەر کارێکی باشی کردووە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم دەسەڵاتەی نەبەخشیوە بە فەرمانبەرانی گومرگی، بەڵکو تەنها مافی بەرزکردنەوەی داواکارییەکەی بۆ لای دادوەر پێ بەخشیوە و پێویستکراوە بریاری کۆتایی لە لایەن دادگاوە دەربچێت لە سەر دانانی بریاری قەدەغەکردنی گەشتکردن، بەڵام ئەوەی تێبینیدەکرێت، جیاوازی نەکراوە لەو برەی کەوا پێویستە بۆ داپۆشینی باج و رسوم و پیبژاردەکان ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت مامەڵەی هاوشێوە لەگەڵ سەرپێچیکاراندا دەکرێت لە دانانی بریاری قەدەغەکردنی گەشتکردن، بۆیە ئێمە پێمان وایە، دەبووایە یاسادانەر ئاماژەی بە کەمینەی یان زۆرینەی رێژەکەی بکردبا تا دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان نەتوانن بە شێوەیەکی رەهایی پەنا بۆ ئەم رێککارە ببەن.

تەوەری چوارەم: دەسەڵاتی بەدواداچوونی ئیدارەی گومرگ

یاسای گومرگی کارپێکراو دەسەڵاتی بەخشیوەتە بەرێوەبەرایەتی گومرگ، کە لێپێچینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوانەکانی قاچاخ و سەرپێچیکاران بکات. کاتێک باج و رسوم و سزا داراییەکان

دەکەوێتە سەریان، بە دیاریکراوی لە ماددەی (٢٣٥) ی یاساکەدا تیشک خراوەتەسەری و ڕێگەی بە فەرمانبەری گومرگی داوە کاڵاکان و سامانەکان و ئامرازەکانی گواستنەوە، ئەگەر هەبن دەستیان بەسەردابگرێت بۆ گەرەنتی ڕەسم و باج و سزاکان، بە هەمانشێوەی ماددەی (٢٢٨) تیشکی خستۆتەسەری و پێویست کراوە کاڵاکان و سامانەکان و ئامرازەکانی گواستنەوە لە کاتی هەبوونیان دەستییان بەسەردابگرێت بۆ گەرەنتیکردنی وەرگرتنی بڕە پارە داواکراوەکان. جێگەی باسە، یاسای گومرگی کارپێکراو بەپشتبەستن بە یاسای دەستەبەرکردنی قەرزەکانی حکومی ژمارە (٥٦)ی ساڵی (١٩٧٧) دەسەڵاتێکی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گومرگ دەدات بۆ لێپێچینەوە لە سەرپێچیکاران و کۆکردنەوەی بڕە پارە داواکراوەکان و مافی لە پێشینە و ئیمتیازی لە سەر سامانی داواکراوان پێبەخشراوە، ئەمەش بەو واتایە دێت، بەڕێوەبەرایەتی گومرگ دەتوانێت پێش هەموو قەرزەکانی دیکەی داواکراوەکە باجەکان و ڕسوماتەکان و سزا داراییەکان لە سامانی داواکراوەکە وەربگرێتەوە. لەم بەرئەنجامەوە بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر بەدواداچوونەکان، ئەم تەوەرەیە بە سەر دوو لقدا دابەشدەکەین، لە سەرەتادا باسی ئەو بەدواداچوونە دەکەین، کە بەڕێوەبەری گومرگ و فەرمانبەرانی گومرگ دەیگرنەبەر بۆ سزادانی سەرپێچیکاران و کوکردنەوەی باج و ڕسومات و پێبژاردنەکان و دواتر تیشک دەخەینەسەر جوڵاندنی داوای سزایی، کە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی پەنای بۆ دەبردرێت.

لقی یەکەم : بەدواداچوون بە پێی بڕیاری سزادان

فەرمانبەری گومرگی، کە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی دیاریدەکرێت، بە پێی ماددەی (١٩٥/أ) سزای گومرگی بە سەر کاڵاکانی قاچاغی هاوردەکراو یان هەناردەکراو دەسەپێنێت، کە بەهاکەیان زیاتر نەبێت لە (٣٠٠) سێ سەد دینار، بەو مەرجەی لە کاڵاکانی قەدەغەکراوی دیاریکراو نەبن و سزاکەیان زیاتر نەبێت لەو ڕێژانەی لە بەندی (ب) لە برگەی (یەکەم) لە ماددەی (١٩٤)دا هاتوون، بڕیاری دەرچوو لەم بارەیەوە ملکەچ دەبێت بۆ تانەگرتن بە گوێرەی ماددەی (٢٤٠) لەم یاسایە.

جێگەی باسە، ئەم ڕێژەیە گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، بەو پێیەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سێ جار ماددەکەی هەموارکردووە، بە پێی کوتا هەموار بە ژمارە (١٤٠) لە (٧/٢٩/ ١٩٩٩) بڕەکە بۆ (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار لە جیاتی(٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار گۆڕدراوە. لە حاڵەتێکدا ئەگەر لەو بڕە زیاتر بێت، پێویستە ڕەوانەی دادگای گومرگ بکرێت.

بۆیە ئەگەر نرخی بابەتی تاوانەکە کەمتر بوو لە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار، ئەوا لە لایەن بەڕێوەبەری گومرگی ناوچەکەوە بڕیاری بۆ دەردەچێت و دەربارەی ئازادکردنی تۆمەتبار و سەپاندنی پێبژاردنی گومرگی بە پێی ڕێژە دیاریکراوەکان کە لە ماددەی (١٩٤/یەکەم/ب)دا هاتوون. بەڵام ئەگەر نرخەکەی زیاتر بوو لەو بڕە، ئەوا تۆمەتبار ئەگەر دەستگیرکرابێت لە لایەن فەرمانبەری ڕاسپێردراو ڕەوانەی دادگای گومرگی ناوچەکە دەکرێت و لە حاڵەتێکدا ئەگەر تۆمەتبار ڕاییکردبێت یان شوێنی دیار نەبێت، ئەوا بەڕێوەبەری گشتی یان فەرمانبەری ڕاسپێردراو بە پێی ماددەی (١٩٦) یاسای گومرگی کارپێکراو بڕیار بەدەستبەسەرداگرتنی کاڵاکانی بە قاچاخ بردراوی گلدراوە و ئامرازەکانی گواستنەوە دەدات. بەڵام لە هەرێمی کوردستان جیاوازە و کار بەو یاسایە ناکرێت و ڕێنمایی ژمارە (٧) ی ساڵی (٢٠٢٠)ی دەرکردووە، بۆ ئەم مەبەستە و گۆڕانکاری بە سەر ڕێژەکەدا هێناوە، بە شێوەیەک دەسەڵاتی فەرمانبەرانی گومرگی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە گومرگییەکانی هاوردە و هەناردەکردنی کاڵا تا بەهای (٢٥،٠٠٠،٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار دەبێت بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگ، جگە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگی (ئیبراهیم خەلیل، باشماخ، حاجی ئۆمەران، گەرمیان، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی) کە دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی گومرگییان تا بەهای (٥٠،٠٠٠،٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار دەبێت. ئەگەر لەو بڕە زیاتر بێت، پێویستە کێشەکە بۆ یەکلاکردنەوەی ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێت. بێگومان ئەمەش گشت کاڵا و کەل و پەلەکان دەگرێتەوە، کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگ و

دەروازە و سنورەکان دەستیان بەسەردادەگیرێت. وەک، مەڕ و ماڵات، بەرهەمە نەوتییەکان و ئۆتومبێل و ئامێر و ئەو بابەتانەی لە بازارەکاندا کڕین و فرۆشتنیان قەدەغەیە.

بە تێرامان لە بڕی دیاریکراوی کاڵاکان دەبینین حکومەتی فیدراڵی و ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانی گومرگی بە دادگاکانی لێکۆڵینەوە سپاردووە و دادگای لێکۆڵینەوەیان لە هەر ناوچەیەکی گومرگی ناوەڕاست، باشور و باکور دامەزراندووە، باشترە لە هەرێمی کوردستانی عێراقیش بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە بکرێت، جێگەی باسە، لە هەرێمی کوردستان فەرمانبەری گومرگی دەسەڵاتێکی زۆری پێی بەخشراوە بۆ بەدواداچوون و یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکان، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، زۆربەی دۆسیەکان لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتییەکان بمێننەوە و نەخرێنە بەردەم دادگا، بەڵکو هەر لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتییەکە فەرمانبەری ڕاسپێردراو هەڵبستێت بە یەکلاییکردنەوەیان، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لە سەر شەفافیەت و دادپەروەری دروستدەکات، بۆیە پێمان وایە، بۆ نەهێشتنی ئەو کاریگەرییە نەرێنییە پێویستە ڕێژەکە کەمبکرێتەوە هاوشێوەی ئەو ڕێژەیەی لە عێراق دیاریکراوە، بە پێی دوایین هەموارکردنەوە کە خۆی لە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار دەبینێتەوە و ئەگەر لەم ڕێژەیە زیاتر بوو پێویستە ڕەوانەی دادگا بکرێت.

لقی دووەم : بەدواداچوونی دادوەری (جوڵاندنی داوای گومرگی)

گشت تاوانێک، کە ئەنجامدەدرێت مافێک بۆ کۆمەڵگا دروستدەکات، کە خۆی لە جوڵاندنی داوا دەبینێتەوە.(محمد صبحی نجم، ٢٠١٦: ص ٤١) ئەوەش بریتییە لە داواکردنی مافێک لە لایەن داواکارەوە لە دژی تۆمەتبار لە بەردەم دەسەڵاتی دادوەریدا، ( سعید حسب عبدالله، ١٩٨٨، ص٣٣) یاخود کۆمەڵێک ڕێککارە، کە بە پێی یاسا دیاریکراوە و ئامانجی گەیشتنە بە بڕیارێکی دادوەری، کە جێبەجێکردنێکی دروستی یاسا دەسەپێنێت لە سەر حاڵەتێکی تاوانکاری دیاریکراودا.(محمود

نجيب حسنی، ٢٠٢١: ص ٦٠) کەواتە، کاتێک تۆمەتبار کردەوەیەک ئەنجامدەدات، کە یاسا سزای لە سەر داناوە، ئەوا دوو ماف لە سەر ئەم کردەوەیە کەڵەکە دەبن، یەکەمیان بریتییە لە مافی کۆمەڵگە بۆ سەپاندنی سزا بە سەریدا. دووەمیان بریتییە لە مافی کەسی زیانلێکەوتوو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی کردەوەکە پێیکەوتووە.(د. سامي النصراوي، 1977: ص 45)

بە گەڕانەوە بۆ یاسای گومرگی کارپێکراو دەبینرێت، یاسادانەر لە کاتی دەرکردنی یاساکە پێناسەی داوای گومرگی نەکردووە، تەنها ئەوە نەبێت لە مادەی (٢٤١) یاساکەدا باسی جوڵاندنی داوای گومرگی کردووە، بە ناونیشانی بەدواداچوونی دادوەری، دەسەڵاتەکەشی بە بەڕێوەبەری گشتی بەخشیوە. لە ماددەکەدا هاتووە، داوای گومرگی تەنها لە سەر داواکاریەکی نوسراوی بەڕێوەبەری گشتی یان یەکێک لە یاریدەدەرەکانی دەتوانرێت تۆماربکرێت. لێرەدا لە دوای تۆمارکردنی داواکە و ڕەوانەکردنی بۆ دادگای گومرگی، ئەوا بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە ماددەی (٢٤٦)ی یاساکەدا بە دادگای گومرگی بەخشراوە بڕیاردەدات لە دژی ئەنجامدەرانی تاوانی قاچاخچیەتی و سەرپێچیکاران، لە گشت حالەتەکاندا دوای دەرچوونی حوکم، ئەگەر حوکم دراو پابەند نەبوو بە دانەوەی ئەو بڕەی، کە بە سەریدا سەپێنراوە، ئەوا بە پێی ماددەی (٢٥٧) یاسای ئاماژەپێکراو دەسەڵات بە بەڕێوەبەری گومرگ بەخشراوە، داوا لە دادگای گومرگی بکات بە گۆڕینی سزای دارایی بە بەندکردن، بەو مەرجەی نابێت ماوەی بەندکردنەکە لە دوو ساڵ زیاتر بێت بە جۆرێک لە بەرامبەر هەر دینارێک یەک ڕۆژ زیندانی بە سەر سەرپێچیکاردا بسەپێنرێت، ئەگەر لە هەر حالەتێکدا پەیمانیدا بە ئەنجامدانی بە یەکلاییکردنەوە یان ئەنجامدانی ئەوەی بڕیار یان حوکمی پیدراوە، ئەوا بە پێی ماددەی (٢٥٨)ی یاساکە پێویستە ئازادبکرێت، لە حالەتی پابەندنەبوونی دروستە دووبارە بەندبکرێتەوە وەک جێبەجێکردنێک بۆ ماددەی ئاماژە پێکراو بۆ تەواوکردنی حوکمەکەی. لە گشت حالەتەکاندا مافی گومرگ لەدەستناچێت لە بڕەکانی کە لە سەر

سەرپێچیکاران و بەرپرسیارانی بە قاچاغبردن و دەستبەسەرداگرتنەکانی بڕیارلێدراو لە دوای جێبەجێکردنی بەندکردنی ئاماژەپێکراو دەمێنێتەوە.

بێگومان هۆکاری پێدانی ئەم دەسەڵاتە، واتا جوڵاندنی داوای گومرگی بە بەڕێوەبەری گشتی بۆ ئەو ئەزموون و شارەزاییە دەگەڕێتەوە، کە لە کاروباری گومرگی هەیانە بە تایبەتی لە پێوانەکردنی زیانەکان و بڕیاردان لە سەر جولاندنی داوای گومرگی، بۆیە هەر داوایەکی گومرگی کە بە بێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی یان یەکێک لە جێگرەکانی بجولێنرێت بە پێچەوانەی یاسا دادەنرێت و هەر بڕیارێکی دادگا لە سەر دۆسیەکە دەربچێت بەتاڵ و بێ ئەنجام دەبێت. ئەمەش ئەوەیە، کە لە لایەن دەستەی گومرگی لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم  بڕیاری ژمارە ٧٣ کە لە ساڵی ٢٠١٠ دەرچووە، پشتڕاستکراوەتەوە و تیایدا هاتووە، لەگەڵ پێداچوونەوە بە بڕیارە تانەلێدراوەکە، کە بە پێی ماددەی (٢٤١)ی یاسای گومرگی ژمارەی ٢٣ ی ساڵی ١٩٨٤ دەرکەوتووە، داوا لە تاوانە گومرگییەکان تۆمارناکرێت، مەگەر لە سەر داواکاری نوسراوی بەڕێوەبەری گشتی یان یەکێک لە یاریدەدەرەکانیەوە بێت، بۆیە ئەو ڕێککارانەی دادگای گومرگی دهۆک گرتویەتەیەبەر نادروستن و پێچەوانەی یاسان، بۆیە بڕیاردرا هەڵبوەشێنرێنەوە.

ئەنجام

1. پشکنینی کەسەکان لە نێو چوارچێوەی گومرگی خۆی دەبینێتەوە فەرمانبەرانی گومرگی دەستبکات بەئەنجامدانی پشکنین بۆ کەسەکانی سەر سنور، لە حالەتی هاتنەژوورە یان چوونەدەرەوە، بە پێی ئەو بنەمایانەی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان دیاریدەکەن، بە پێچەوانەی ئەوە دروست نییە کەسەکان پشکنینی جەستەیان لە دەرەوەی ناوچەی گومرگی بۆ بکرێت، تەنها لە حالەتی تاوانی بینراو یان زانیارییەک نەبێت کە بە ڕاپۆرتی سەرەتایی پشتڕاستکرابێتەوە.

2. یاسادانەری عێراقی لە پشکنینی کەسەکان زیاتر بایەخی بە پشکنینی دەرەکی جەستەی کەسەکانی داوە، لە هیچ بڕگەیەکی یاسای گومرگی کارپێکراودا ئاماژەی بە پشکنینی پزیشکی نەکردووە.

3. یاسادانەری عێراقی لە چوارچێوەی بڕگەکانی یاسای گومرگی کارپێکراودا هیچ دەقێکی دانەرشتووە، کە ئاماژە بە پێدانی دەسەلاتی دەستگیرکردن بە کارمەندانی گومرگی بێت، بەو پێیەی کەوا بە ئەندامی ڕێکخستنی دادگەری دادەنرێت.

4. یاسادانەری عێراقی لە چوارچێوەی یاساکە تیشکی خستوتەسەر دانانی بڕیاری قەدەغەکردنی گەشتکردن و ڕێگای بە بەڕێوەبەری گشتی یان بەرێوەبەری فەرمانگەی گومرگی داوە، داوا لە دادگای گومرگ بکات، بڕیاری قەدەغەکردنی گەشتکردنی سەرپێچیکاران و بەرپرسیارانی تاوانی قاچاخچییەتی بدات بۆ دەرەوەی ولات. ئەگەر سامانی گلدراوەیان بەس نەبێت بۆ پرکردنەوەی برەکانی ڕەسم و باج و پێبژاردنەکان.

5. یاسادانەری عێراقی سەرەڕای پێدانی دەسەلاتە باسکراوەکان بە لێکوڵەر، بەلام ئاماژە بە مەرجەکان بۆ بەخشینی سیفەتی لێکوڵەر بە فەرمانبەری گومرگی نەکردووە.

## پێشنیاز

1) سەبارەت بە پشکنینی ماڵەکان یاسادانەر لە یاسای گومرگی کارپێکراودا ناچێتە ناو وردەکاری چۆنیەتی ئەنجامدانی پشکنین لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگەکان، بێگومان ئەمەش بە کەموکوڕی یاسایی دادەنرێت و پێویستە لە چوارچێوەی یاساکەدا ئەم بابەتە ڕێکبخرێت.

2) جێگەی باسە، لە نێو یاسای گومرگدا دەقێک نییە، ئاماژە بە پشکنینی پزیشکی ئاشکراکەر بکات، بەو پێیەی کاتێک تۆمەتبارێک کالای قاچاغی لە نێو جەستەیدا شاردبێتەوە، ئەوا پێویستە بە ڕێگەی زانستی و لە لایەن پزیشکی پسپۆڕەوە پشکنینی بۆ بکرێت، بۆیە پێشنیاز دەکەین

هاوشێوەی یاسای فەڕەنسا و جەزائیر ئەم بابەتە ڕێکبخرێت، بە شێوەیەک ڕازیبوونی کەسەکە بکرێتە مەرج بە ئەنجامدانی پشکنین و لە حالەتێکدا ئەگەر ڕازی نەبوو پێویستبکرێت لە ڕێگەی دادوەرێکەوە فەرمانبدرێت بە پشکنینی، پێویستبکرێت پشکنینەکە لە لایەن پزیشکێکی پسپۆڕی دیاریکراو و لە شوێنێکی گونجاو و بە ڕێگەیەکی پیشەیی ئەنجامبدرێت.

3) نەبوونی دەقێک لە یاسای گومرگی عێراقی کارپێکراودا تایبەت بە بڕیاری دەستگیرکردن لە کەرتی گومرگدا بە کەموکوڕی دەبینین لەم یاسایە و پێمان وایە، پێویستە لە حالەتی خۆبەستەوەنەدانی کەسانی جێگای گومان یان تۆمەتبار دەسەڵاتی دەستگیرکردن وەک حالەتێکی ڕیزپەڕ و تایبەت بە فەرمانبەرانی گومرگی بدرێت. لە هەمانکاتدا بە مەرج بگیرێت لە ماوەی کەمتر لە (٢٤) کاتژمێر دەسەڵاتی دادوەری ئاگادار بکرێتەوە لە ڕاگرتنی سەرپێچیکارەکە و بخرێتە بەردەمی.

4) لە هەرێمی کوردستان، فەرمانبەرانی گومرگ دەتوانن دۆسیەکانی تاوانی گومرگی یەکلابکەنەوە، تا ئەو ڕادەیەی بەهای کاڵا قاچاخەکان دەگاتە (٥٠٠٠٠٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار، ئەگەر لەم بڕە زیاتر بێت، بۆ دادگای گومرگی دەنێردرێت. بەڵام لە عێراقدا، بڕە تەنها (٢٠٠٠٠٠٠) دو ملیۆن دینارە، ئەگەر بەهای کاڵاکە لەمە زیاتر بێت دۆسیەکە ڕەوانەی دادگای گومرگی دەکرێت. پێشنیاز دەکەین، هەرێمی کوردستانیش وەک عێراق، سنوری دەسەڵاتی فەرمانبەرانی گومرگ بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەکان بکرێتە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار، هاوشێوەی عێراق. ئەگەر بەهای کاڵاکە لەمە زیاتر بوو دۆسیەکە ڕەوانەی دادگا بکرێت.

5) سەبارەت بە مەرجەکان بە دیاریکردنی لێکۆڵەر دەبینرێت دەسەڵاتێکی زۆر بە لێکوڵەر دراوە، بەڵام ئاماژە بە مەرجەکان نەکراوە بۆ بەخشینی سیفەتی لێکوڵەر بە فەرمانبەری گومرگی، بێگومان ئەمەش بە کەموکوڕیەکی یاسایی دادەنرێت، بۆیە ئێمە پێمان وایە، لە بەر تایبەتمەندبوونی بابەتەکە پێویستە لێکوڵەری تایبەت ڕابهێنرێن بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانە

گومرگییەکان بە هەمانشێوەی ئەو لێکوڵەرانەی کەوا لە بنکەکانی پۆلیسدا بوونیان هەیە، هەمان ئەو مەرجانە بکرێنەپێوەر بۆ پێدانی سیفەتی لێکۆڵەر بە ئەفسەرانی پۆلیس و ڕێپێدراوەکان.

6) سەبارەت بە دانانی بڕیاری قەدەغەکردنی گەشتکردن لە سەر تۆمەتبار، کاتێک دادگای گومرگی لە سەر بنەمای داواکاری بەڕێوەبەری گشتی بڕیاری قەدەغەکردنی گەشتکردن دەردەکات، جیاوازی نەکراوە لەو بڕەی کەوا پێویستە سەرپێچیکار بیدات، بۆئەوەی ڕزگاری ببێت لەو ڕێککارە و بڕیاری قەدەغەکردنی گەشتکردن لە دژی دەرنەچێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت مامەڵەی هاوشێوە لەگەڵ سەرپێچیکاراندا دەکرێت لە دانانی بڕیاری قەدەغەکردنی گەشتکردن، بۆیە ئێمە پێمان وایە، پێویستە ئاماژە بە کەمینە و زۆرینە ڕێژەکەی بکرێت، تا ڕێگرییەک دروستبکات لە بەردەم دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان، نەتوانن بە شێوەیەکی ڕەها پەنا بۆ ئەم ڕێککارە ببەن.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم : پەرتوک


1. القاضی حیدر فالح حسن (٢٠٢٢) جریمة التهریب الکمرکی والوسائل الحدیثة فی مکافحتها، مکتبة القانون المقارن، ط ١

2. مصطفی هشام سلمان (٢٠٢٣) دور التشریعات الحدیثة فی المکافحة الجریمة الجمرکیة فی القانونین العراقی واللبنانی، دار الهاتریک للتوزیع والنشر، ط ١

3. أنوار بنت أحمد العنزی (٢٠١٧) جریمة التهریب الجمرکی، دراسة المقارنة، دار الکتب الجامعی للنشر والتوزیع، المملکة السعودیة العربیة

4. عامر أبوبکر الصدیق محمد (٢٠٠٥) شرح و تحلیل مواد نظام قانون الجمارک الموحد لدول مجلس التعاون لدول الخلیج العربیة و لائحته التنفیذیة

5. محمود رجب فتح الله، التحريات كعنصر من عناصر الاثبات الجنائى وفقا لاحدث أحكام محكمة النقض علما و عملا، دار الجامحة الجديدة-الاسكندرية، ٢٠٢١

6. القاضى منى جاسم الكوارى، التفتيش شروطه و حالات بطلانه، بيروت، لبنان، ط ١، ٢٠٠٨

7. محمد صبحى نجم، الوجيز فى قانون اصول محاكمات الجزائية الاردنى، ط ١، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٦

8. سعيد حسب عبدالله، شرح قانون اصول محاكمات الجزائية ، ط٢، دار الحكمة للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٨

9. محمود نجيب حسنى، شرح قانون الاجرائات الجنائية، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٢١

10. براء منذر كمال عبد اللطيف، شرح قانون أصول المحاكمات الجزائية، دار ابن الاثير للطباعة والنشر جامعة الموصل ٢٠١١

11. د. سامي النصراوي, دراسة في أصول المحاكمات الجزائية، ج 1 جامعة بغداد. مطبعة السلام بغداد 1977

دووەم : تویژینەوەی زانستی

1) علي ثامر آل شكر، ضمانات المتهم عند صدور أمر التفتيش، دراسة تطبيقية في قانون أصول المحاكمات الجزائية العراقي والايراني، مجلة مركز دراسات الكوفة , العدد 73 / ج٢

2) رعد محمد عبد اللطيف (٢٠١٥) جريمة التهريب الجمركي الناشئة عن مخالفة أحكام المنع والتقييد دراسة مقارنة بين التشريعين الأردني والعراقي، رسالة الماجستر، جامعة الشرق الاوسط.

3) عماد حسين نجم (٢٠٠٣) إجراءات الدعوى الجزائية في الجريمة الجمركية، رسالة دكتوراه، جامعة بغداد

4) غزالي مصطفى (٢٠١٧) اجراءات المتابعة فى الجرائم الجمركية، مذكرة لنيل شهادة الماستر في الحقوق، ، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة عبد الحميد بن باديس، مستغانم

5) عقيلة خرشي، القوة الإثباتية للمحاضر الجمركية في التشريع الجزائري، مجلة الحقوق والعلوم السياسية، المجلد (٤), العدد (٧)

6) حمزة نواف حماد العفين، الدكتور محمد عباس حمودي، إجراءات الضرورة لسلطات أعضاء الضبط القضائي في إختصاصهم الأصيل، مجلة الجامعة العراقية المجلد (٧١) العدد (٣) اب لسنة ٢٠٢٤

7) حاج أحمد عبد الله، أساليب التحري الخاصة وحجيتها في الإثبات الجنائي في التشريع الجزائري، مجلة الاجتهاد للدراسات القانونية والاقتصادية، المجلد: 08 العدد : 05 السنة 2019

8) د. طلال عبد حسين البدراني، الآنسة إسراء يونس هادي، التفتيش وأحكامه في قانون أصول المحاكمات الجزائية العراقي، مجلة الرافدين للحقوق ، المجلد (١١) ، العدد (٤١) ، السنة (٢٠٠٩)

9) القاضي يوسف الياس ،أحكام جريمة التهريب في قانون الكمارك العراقي، بحث تقدم به القاضي يوسف الياس الى مجلس القضاء لاقليم كوردستان – العراق كجزء من متطلبات الترقية الى الصنف الثاني من أصناف القضاة، ٢٠٢١

سێیەم : یاسا و بڕیارەکان

1) دەستووری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ ، لە وەقایعی عێراقیدا بە ژمارە (٤٠١٢) لە (٢٠٠٥/١٢/٢٨) بڵاوکراوەتەوە.

2) یاسای بنەما داگەرییە سزاییەکانی عێراقی ژمارە(٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)

3) ڕێنمایی ژمارە (٧) ی ساڵی (٢٠٢٠)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان

4) قانون الكمارك العراقى رقم (٢٣) لسنة (١٩٨٤)

5) قانون الجمارك، مرسوم رقم (٤٤٦١) صادر فى (١٥/ ١٢/ ٢٠٠٠)

6) قرار محكمة تمييز اقليم كوردستان – الهيئة الكمركية بالعدد /73 كمركية / 2010 في 30/12/2010، غير منشور.

7) Code des douanes) Version en vigueur au 01 août 2020, ) https://www.legifrance.gouv.fr/codes/section

## السلطات الإجرائية لموظفي الكمارك في مكافحة الجرائم الجمركية

### ملخص

تتناول هذه الدراسة السلطات القانونية لموظفي الكمارك في مواجهة الجرائم الكمركية، خاصة تلك الممنوحة لهم بصفتهم أعضاء في الضبط القضائي بموجب قانون الكمارك العراقي رقم (23) لسنة 1984. في هذا الإطار، تتمثل المشكلة الرئيسية في أن القانون، على الرغم من منحه صلاحيات واسعة، لم يوضح تفاصيل الإجراءات الهامة مثل التفتيش، القبض، والمراقبة خارج النطاق الجمركي. يؤدي هذا الفراغ القانوني إلى الاعتماد على القوانين العامة، على الرغم من أنها في معظم الحالات لا تتناسب مع الطبيعة المعقدة للجرائم الجمركية.

لمعالجة هذه المشكلة، اتبعت الدراسة المنهج التحليلي، حيث قمت بتحليل دقيق لنصوص قانون الجمارك والقوانين ذات الصلة. وقد صمت المشرع عن تحديد إجراءات التفتيش الجسدي الطبي الكاشف، والقبض، وتفتيش وحجز البضائع خارج الحرم والنطاق الجمركي. كما أن هناك تفاوتا كبيرا بين إقليم كردستان والعراق بخصوص المبالغ المسموح بها لتسوية القضايا خارج المحكمة. وعلاوة على ذلك، لم يتم تحديد مدة معينة لاحتجاز المتهم، ولا سقف للديون التي تؤدي إلى منع السفر. تؤدي هذه الثغرات إلى انتهاك الحقوق الأساسية للفرد. لذا، توصي الدراسة بتنظيم دقيق لهذه الإجراءات، وعلى وجه الخصوص: وضع نص واضح للتفتيش الطبي من قبل طبيب مختص، ومنح موظفي الجمارك صلاحية القبض عند مواجهة المتهمين المتمردين، وتخفيض المبلغ المحدد لتسوية القضايا في إقليم كردستان إلى مليوني دينار، ليتوافق مع ما هو معمول به في العراق، وفي حال تجاوز المبلغ تتم إحالة القضية إلى محكمة الكمارك.

**الكلمات المفتاحية**: الجرائم الكمركية، اعضاء الضبط القضائى، العقوبات الكمركية، التهرب من الرسوم الكمركية، التهريب، تهريب البضائع/السلع المحظورة